NNS ROJ
ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ
نوێترین: چەکدارانی ئێران، کوردێکی تریان کوشت
فارسی Login
iran-١۵:٣۶ /Thursday 12 6 2014 12:06
سەرەتا | هەواڵ | تایبەت | راپۆرت | دیمانە | بیروڕا | هونەر | ئێمە کێین | پەیماننامەی رۆژ

# نەخشەکەی 'ئوستانی ورمێ' تورکەکانی تووڕە کرد

Email 0 Tweet 0 Recommend 0 +1

نوێ کراوەتەوە لە 12/8/2012 | شممە ١٨سەرماوەز ١٣٩١/ ٢٠:٠٧




**NNSROJ:** نەخشەی 'ڕێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئوستانی ورمێ' کە لە لایەن سولەیمان چوکەلیەوە ئامادە کراوە، وەک سەرجەم نەخشەکانی دیکەی ئەو پسپۆڕەی جوگرافیا لە نێو میدیای تورکە ئازەرییەکان دا جەنجاڵێکی تازەی دروست کردووە.

هەواڵ...
Tuesday 10 6 2014 17:49
١٠ هەزار واژۆیان بۆ بەفەرمیکردنی پەروەردەی زمانی دایک کۆکردۆتەوە
Tuesday 10 6 2014 11:56
موسڵ لە کۆنترۆڵی داعش دایە
Tuesday 03 6 2014 13:40
چەکدارانی ئێران، کوردێکی تریان کوشت
Sunday 01 6 2014 12:26
کاپتانە کوردەکە لە مۆندیالی ٢٠١٤دا کایە دەکات
Sunday 01 6 2014 8:45
گیراوێکی سیاسیی تر لە سێدارە درا
کورتەهەواڵ
Wednesday 11 6 2014 17:08
1 پەژاک دەڵێ لە مانگێکدا تووشی ٤ شەڕ لەگەڵ سپای پاسداران بووە
Wednesday 11 6 2014 16:06

2 لە داعش چ باس؟

Tuesday 10 6 2014 18:27

3

نەخشەی 'پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئوستانی ورمێ'، ماوەیەک لەمەوپێش چاپ و بڵاو کرایەوە و هەر دوابەدوای هەواڵی بڵاوبوونەوەشی، لە نێو میدیاکانی ئازەری دا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە.

زۆربەی ئەو ناوەندانەی ڕاگەیاندن لە بەکارهێنانی دەستەواژەی 'ئوستانی ورمێ' لە بری 'ئازەربایجانی غەربی' تووڕەن و بە نەخشەیەکی 'جیاخوازانە'ی لە قەڵەم دەدەن.

تەلەڤزیۆنی 'گوناز' کە تەلەڤزیۆنێکی ئازەری زمانە، نیگەرانی خۆی لە بەرامبەر گۆڕینی ناوی ئوستانی ئازەربایجانی غەربی دەرپڕیوە و وێڕای ئاماژە بە نەخشەی 'پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئوستانی ورمێ' پێی وایە ئەمە هەوڵێ 'بە کوردستانی کردن'ی ئەو ئوستانەیە.

ماڵپەڕ و ناوەندەکانی خەبەری 'ئویرەنجی سەسی' (دەنگی خوێندکارانی ئازەربایجانی باشوور)، 'قیرمیز'، 'گونەی نیوز' و 'ئەخباری ئازەربایجان'یش لە ڕاپۆرتێکی هاوشێوە دا، تووڕەبوونی خۆیان لە دەرچوونی ئەو نەخشەیە نیشان داوە.

ئەو تووڕەبوونە تەنیا بە سایتەکان و ناوەندەکانی خەبەری سنووردار نەماوەتەوە و تووڕە کۆمەڵایەتیەکانیشی گرتۆتەوە. ژمارەیەک لە 'چالاکانی ئازەری' لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دا تووڕەبوونی خۆیان لەمبارەوە نیشان داوە و هەڵیانکوتاوەتە سەر ئامادەکاری ئەو نەخشەیە. ئەوان هەروەها ڕەخنە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئێران و بە تایبەت بەرنامەی پڕبینەری ٢٠:٣٠ دەگرن کە گۆیا لە ژێر کارتێکەری ئەم نەخشەیە دا لە بری ئوستانی ئازەربایجانی غەربی، ئوستانی ورمێی بە کار هێناوە.

بەڵام ئاخۆ نەخشەی ‹پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئوستانی ورمێ› هەموو ئازەرییەکانی تووڕە کردوە یان تاقمێکی توندڕەو؟ هۆکاری ئەم هەڵچوون و تەنانەت هەڕەشەکردنانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

سولەیمان چووکەڵی، ئامادەکاری نەخشەکە و مامۆستای پێشووی زانکۆی کۆیە بە ‹ئێن ئێن ئێس ڕۆژ›ی ڕاگەیاند: "چاوەڕوانی تووڕەبوونێکی لەم چەشنەم دەکرد و زۆر بە شتێکی ئاسایی دەبینم، چونکە سەرچاوەی زێهنیەتێکی ویشک و بەرتەسکە کە دان بە بوونی بەرامبەر دانانێ."

چووکەڵی پێی وایە ئەم چەشنە پرۆژەگەلە دەتوانێ دەرگای دیالۆگێکی چڕ و پڕ لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا بکاتەوە و بەمجۆرە بەردەوام دەبێ "تەنیا ڕوحی یەکتر قەبوڵ کردن دەتوانێ پێش لە بارگرژی و هەڵایسانی شەڕ لە دوا ڕۆژی ئەم ئوستانەدا بگرێت. بەڵام پێ دەچێ کەم ئەزموونی سیاسی و کف وکوڵی ناسیونالیسمێکی سەرەتایی لایەنی بەرامبەر واتا نەتەوەی تورکی ئازەری زیاتر ئەو بارگرژییە هان دەدات. هەر چەند گومان لەوەدا نییە لە نێو واندا هەن




رووبەرگی نەخشەکە

کەسانێکی نییەت پاکیش کە لە گەڵ چارەسەری کێشەکانن."

لە لایەکی دیکەوە، سایتێکی ئازەری، وێڕای هێرشکردن بۆ سەر سەرجەم بزووتنەوە کوردییەکان و بە 'تیرۆریست' لە قەڵەم دانیان، بڵاوکردنەوەی ئەو چەشنە نەخشانە دەخاتە پاڵ تێکۆشانی ‹ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی کورد› کە لە لایەن کوردانی دانیشتووی دەرەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی دەکرێن.

بەڵام بۆچوونی سولەیمان چووکەڵی 'ئەم پرۆژەیە وێڕای دەرک کردن بە گشت ئەم کێشانەی کە لە بەر دەم چارەسەری پرسی هەنوکەیی و یەکلا نەکراوەی نیشتیمانی هەر دووک نەتەوەی سەرەکی ئەو ناوچەیەدا هەیە، هەوڵی داوە بە لە بەر چاوگرتنی گشت هەستیارییەکانی شوێنی ئەم رووبەرە جوگرافیاییە بجوڵێتەوە' و دەڵێ "کۆمەڵگە ئەگەر ئێلیتەکانی لێ دەرکەین خەریکی ژیان ئاسایی خۆیەتی و ژیانێک کە ئەولەهی تێدایێت و قەت حەز بە ئاژاوە ناکات، ژمارەیەک لەو ئێلیتانە کە خۆیان بە دم راستی گشت کومەڵ دەزانن هۆکاری ئەم تورە بوونە و هاندانەن."

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی نەخشەی 'سیاسی و دێموگرافیکی موکریانی کوردستان' و 'نەخشەی گەشتیاری شارستانی مەهاباد'یش لە لایەن هەمان ئامادەکارەوە، میدیاکانی ئێران و ئازەری هەڵوێستێکی هاوشێوەیان نیشان دابوو.

Like 0

مافی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی NNSROJ پارێزراوە.

NNS ROJ
ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ

| سەرەتا |هەواڵ |راپۆرت |تایبەت |بیرورِا | هونەر | دیمانە | ئێمە کێین | پەیماننامەی رۆژ

nnsroj.com © 2011 | All rights reserved | kurdish@nnsroj.com
Designed By:AgrinGraphic

RSS